زنجیرەی بەرهەمە نوسراوەکان- ١٢ -

# نیشانەکانی حەجی وەرگیراو لەقورئان و فەرموودەصەحیحەکاندا

نوسینی:
محمد مەلافایەق شارەزووری

چاپی یەکەم

١٤٣٨ك ٢٠١٧ز

📖 ناوی نامیلکە: نیشانەکانی حەجی وەرگیراولەقورئان و فەرموودەصەحیحەکاندا
✍ نووسینی : محمد مەلافایەق شارەزووری
❁ تەخریج کردنی فەرموودە: سوپا سەلام
❁ تایپ و پێداچوونەوە و دیزانی ناوەوە: ئومێد محمد
❁ دیزانی بەرگ: محمد عبدالله گۆران
❁ نۆرەی چاپ: یەکەم
ژمارەی لاپەڕە: ٤٨
❁ تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
❁چاپخانەی : زانا
❁ساڵی چاپ : ١٤٣٨ك- ٢٠١٧ز

تێبینی:

بۆ دەست کەوتنی ئەم بەرهەمە بە (کۆ) پەوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە: ٠٧٧٠١٥٥٤٠٨٥

# پێشەکی

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لاإله إلا الله وحده لاشريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ (آل عمران).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ (النساء).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ (الأحزاب).

أما بعد فإن أصدق الحديث كتابُ الله، وخير الهدى هدى محمد (ﷺ) وشر الامور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة فى النار[1] .

---

[1] هذه خطبة الحاجة التي كان الرسول ﷺ يفتح بها خطبة ويعلمها اصحابه وروي هذه الخطبة ستة من الصحابة رضي الله عنهم وقد أخرجها جمع من الأئمة في مصنفاتهم، مثل: الامام احمد في (المسند) (٢٧٢/٥)، ومسلم في (الصحيح): (٥٩٢،٤٦٧/٢)، وفي

**سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە زۆر بە بەزەییە بەرامبەر بەندەکانی خۆی، ئاینی ئیسلامی بۆ ناردوون و سەر بەرزی کردوون بە پێشەوای مرۆڤایەتی پێغەمبەر ﷺ کە مافی هەموو شتێکی بۆ موسوڵمانان دیاری کردووە، وە ئەرکەکانیشی بۆ هەموو لایەك و تاکێك دەست نیشان کردووە. وە یەکێك لەو ئەرکانە حەجی ماڵی خودایە ، بۆیە بەباشمان زانی  باسێك لەسەر نیشانەکانی حەجی وەرگیراو بخەینە بەردەم موسوڵمانانی خۆشەویست.**

**عبداللەی کوڕی عومەری کوڕی خەطاب رضي الله عنهما  لە کاتی ئەنجام دانی مەراسیمی حەجدا یەکێك پێی فەرموو (ماشاء الله) ئەم ساڵ چەندە حاجیان زۆرن فەرمووی: (ما اقل**

---

(١٣٥،١٥٦،١٥٧/٦) (بشرح النووي)، وابوداود في (السنن) (٢٨٧/١) رقم (١٠٩٧)، والنسائي في (المجتبى) (١٠٤،١٠٥/٣) و (١٨٨/٣)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٩٢)، والحاكم في (المستدرك): (١٨٢،١٨٢/٢)، والطيالیسي في (المسند) رقم (٣٣٨)، والبیهقي في (السنن الكبري): (١٤٦/٧) و (٢١٤/٣)، وصححه الشیخ الألباني في (صحیح سنن ابن ماجة (١٥٣٥)، وفي (صحیح النسائي) (١٣٣١)، وفي (المشكاة) (٣١٤٩)، وفي (الكلم الطیب) (٢٠٥)، وانظرها بتوسع في: (خطبة الحاجة) (ص:١٤،١٩).

الحاج وأكثر الركب)[٢] **واتە: ئەمڕۆ ئامادەبووی عەرەفات زۆرە بەڵام حاجیان کەمن، خودای گەورە تبارك و تعالى لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ بە گوێی ئێمەی دا داوە کە حەج بە دوو جۆر قبووڵە لای پەروەردگار.**

**یەکەم: حەجێکی (تام) بێ. واتە: حەجێکی تەواو بێ.**

**دووەم: پاشان حەجێکی (المبرور)بێ واتە: حەجێکی چاکەکارانە بێ.**

**کەوابوو پێویستە ئێمەی بڕوادار بە ئاگابین ئایا مەرجەکانی حەجی قبووڵ کراو چییە؟**

**پاشان بە ئاگابین لەو کارانەی کە پاداشتی حەجەکەمانی پێ پووچ و بەتاڵ دەبێتەوە و زۆر وریا بین لەو کارە چاك و مژدانەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ بە ئێمەی داوە کە دەبێتە پاداشتی حەجێك بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن حەج بکەن.**

---

[٢] انظر: (لطائف المعارف) لابن رجب (٢٣٦).

**بۆیە لەم باسەدا بە پشتیوانی خودای پەروەردگار دەچینە خزمەت ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکەن خاڵ بە خاڵ دەیان خەینە روو.**

**بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتەی بەردەستت دابەش بووە بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا کە ئەوانیش:**

**یەکەم: مەرجەکانی حەجی تەواو چین؟**

**دووەم: ئەو کارانەچین کە پاداشتە وەك حەج وایە؟**

**لە کۆتاییدا لە خوای گەورە داواکارم کە باوەڕ و زانست و تێگەیشتنمان بۆ ئاینەکەی خۆی زیاد بکات وە سوودمان پێ بگەیەنێت بەو زانیاریانەی کە زانیومانە وە زیاتر حاڵیمان بکات لە ئاینەکەی خۆی** (امین).

**باوکی عبدالله**

**محمد مەلا فایەق شارەزووری**

## یەکەم: مەرجەکانی حەجی تەواو چین؟

گومانی تێدا نیە حەجی ماڵی خوای گەورە وەك هەر یەکێکی دیکە لە چوار پایەکەی تری ئیسلام (شایتمان و نوێژ و رۆژ و زەکات) خاوەنی چەندان تایبەت مەندی، و رێگای جێبەجێکردن، و مەرجی تایبەت بە خۆیەتی، لە گرنگرتین مەرجەکانی حەجی تەوایش ئەم مەرجانەی خوارەوەن:

### ١: حەج کردن تەنها لە پێناوی خودا دا بێت:

حەجی تەواو و قبووڵ کرا و وەرگیراو لای خودای گەورە تبارك و تعالی ئەو حەجەیە کە بۆ (اللّٰه) بێ تەنها لە بەر خودا بێ و بۆ هیچ مەرام و نییەتێکی دونیایی نەبێ، چونکە هەموو کارەکان بەڕاستی ئەگەر بۆ غەیری خودا بێ ئەوا هیچ کە قبووڵ کراو نییە. بگرە بەشیرکیش ئەنووسرێ لە سەر خاوەنەکەی، تاوانێکی گەورەی لە سەر هەژمار دەکرێ خودای گەورە تبارك و تعالی دەفەرمووێ:

﴿ وَأَتِمُّواْ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ﴿١٩٦﴾ ﴾ (البقرة) **واتە: داوای حەجی تەواو دەکا دەبێت بۆ (اللّٰه)یش بێ.**

**لەفەرمودەیەکی لاوازدا هاتووە:** ((هذا يوم من ملك فيه سمعه وبصره و لسانه غُفر له))[٣] **واتە: ئەمڕۆ ڕۆژێکە هەر کەسێك تیایدا زمانی بپارێزێ لە غەیبەت و قسەی ناهەموار و نابەجێ وە گوێی بپارێزێ لە گوێ گرتن لەو جۆرە قسانە وە خۆی بپارێزێ لە هەموو هەڵە و غەڵەت و چەوتەکان واتە: لە نەزەڕی حەرام بەڕاستی ئەو کەسەیە کە خودای گەورە حەجی قبووڵ کردووە و لە گوناهی خۆش بووە.**

**٢: حەج کردن بەو جۆرە بێت کە ئازیزمان ﷺ ئەنجامی داوە:**

**حەجی تەواو ئەو حەجەیە کە پێغەمبەر ﷺ موسڵمانانی فێرکردووە، باش دەزانین کە صەحابیەك لە**

---

[٣] انظر: (الضعيف الجامع الصغير) للشيخ الألباني (٥٥٦٢) ، و(ضعيف الترغيب) (٧٤٣).

**صەحابیانی پێغەمبەر ﷺ هاتە مزگەوت دوو ڕکعاتی کرد** (فَلَمَّا فَرَغَ الرَّجُلُ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فقَالَ: " وَعَلَيْكُمِ السَّلَامُ، قَالَ: ارْجَعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ ".فَرَجَعَ فَصَلَّى ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ لَهُ مِثْلَ ذَلِكَ، قَالَ: فَرَجَعَ فَصَلَّى مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا)[٤].

**واتە: بڕۆرەوە نوێژەکەت بکە تۆ نوێژت نەکردووە کەواتە پێویستە بزانین کە چۆن حەج دەکەین پێش ئەوەی بچین بۆ حەج پێویستە مەراسیم و ووردەکاریەکان و واجبات و ئەرکانی حەج بزانین تا حەجەکەمان ئەو حەجە بێ کە خودای گەورە تبارك و تعالی دەیەوێ. پێویستە هەموو ئەوانە بزانین وەکو نوێژ ئەنجام دان پێغەمبەری ﷺ ئازیز دەفەرمووێ:** (فَمَنْ أَدَّاهَا بِحَقِّهَا قُبِلَتْ مِنْهُ وَقُبِلَ مِنْهُ

[٤] أخرجه: عبدالله بن وهب (الموطأ) (٣٨٢)، عبدالرزاق الصنعاني (المصنف) (٣٧٣٩)، ابن ابي شيبة (المصنف) (٢٩٧٥)، احمد (٩٦٣٥ و١٨٩٩٧)، البخاري (٧٥٧ و٧٩٣ و ٦٢٥١ و٦٦٦٧)، مسلم (٣٩٧).

سَائِرُ عَمَلِهِ وَمَنْ رُدَّتْ عَلَيْهِ صَلَاتُهُ رُدَّ عَلَيْهَا سَائِرُ عَمَلِهِ)[٥] **واتە: هەر کەسێك نوێژ حەقی خۆی داتێ ئینجا خودای گەورە نوێژی لێ وەردەگرێ و دەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناهەکانی دواتریش سەرجەم کارەکانی دیکەشی لێ وەردەگیرێت.**

## ٣: حەجی تەواو دەبێت خاوەنەکەی خۆپارێز و لە خوا ترس بێت:

**یەکێکی دیکە لەمەرجەکانی حەجی تەواو و وەرگیراو بریتیە لەوەی خاوەنەکەی موتەقی بێ،خوای گەورە دەفەرموێ** ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾ **(المائدة).واتە: کاری چاکە تەنها لە موتەقیەکان و ئەو کەسانەی کە خۆیان دەپارێزن لە حەرام و چەوت و لاری وەردەگیرێت.**

---

[٥] أخرجه: الهيثمي (مجمع الزوائد ومنبع الفوائد) (٢٨٨٧)، السيوطي (جامع الأحاديث) (١٣٨٠١)، علاء الدين (كنز العمال) (١٩٧٥٠)، الشيخ الالباني (السلسلة الصحيحة المختصرة) (٢٥٣٧)، و (صحيح الترغيب و الترهيب) (٥٣٩).

**پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە ڕۆژی عەرەفاتدا فەرمووی: ئەوە ڕۆژێکە کە خودای گەورە تبارك و تعالی مەلائیکەتەکانی خۆی بە شاهێد گرتووە وفەرموویەتی:** ((إشهدوا إني غفرت لمحنسهم وتجاوزت عن مسيئهم))[٦] **واتە: ئەی فریشانی خۆم بە شاهێد بن ئەمڕۆ من لە چاکەکارانی ئامادەبووانی عەرەفە خۆش بووم و چاوپۆشیم کرد لە گوناهبارانی ئامادەبووی ئێرە.**

**لێرەدا سەرنج بدەین ئەگەر چاوپۆشی لە یەکێك بکات تەنها سزاکەی ڕائەگرێت، بەڵام ئەگەر لێخۆشبوونی بۆ کەسێك هەبێ هەموو گوناهەکەی ئەسڕێتەوە هەر وەکو ئەوە وایە هەر نەیکردووە، بگرە هەموو خراپەکانیشی بۆ ئەگۆڕێ بە چاکە، چونکە خوای گەورە خۆی فەرموویەتی**
﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٧٠ ﴾

[٦] أورده: ابن رجب (لطائف المعارف) (٣٩١) وقال أخرجه: ابن منده (كتاب التوحيد) واسناده حسن.

**(الفرقان: ٧٠). وە بگرە بەرزی دەکا و نزیکی دەکا و خۆشەویستی خۆشی پێ دەبەخشیت، کەوابوو بۆ کێ یە؟ بۆ ئەو کەسانەیە کە لە حەجدا چاکەکارن هەر لەوێدا پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی:** ((إن الله وهب مسیئهم لمحسنهم وأعطي محسنهم ما سئل))[٧] **واتە: ئەمڕۆ ڕۆژێکە خودای گەورە پیاوخراپانی ئامادەبووی حەجی واتە: گوناهبارانی ئامادەبووی حەجی بەخشی بە چاکەکارانی ئامادەبووی حەج ، وە چاکەکارانیشیان چیان داواکرد خودای گەورە ڕەتی نەکردۆتەوە.**

## ٤: حەجی تەواو دەبێت چاکە کارانە بێت:

**حەجی مبرور و پڕ چاکە یەکێکی دیکەیە لە مەرجەکانی حەجی تەواو و وەرگیراو، وتیان کامەیە چاکەکارانی حەج ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ؟ فەرمووی:**

---

[٧] (صحيح جامع) (١٧٤٣)، (الصحيحه) (١٦٢٤)، (صحيح ابن ماجه) (٢٤٥٠).

((طيب الكلام و أَطْعَمَ الطَعام))[٨] واتە: وتەو قسەت جوان و شیرین بێت لەگەڵ موسوڵمانان و خەواردنیان پێ ببخشە.

ئیبنو عومەر ﵁ دەفەرمووێ: حەجی تەواو بریتیە لە: ((وَجْهٌ طَلِيقٌ، وَكَلَامٌ لَيِّنٌ))[٩] واتە: ئەو کەسەیە کە خۆش و شیرینە بەرامبەر برایانی حاجی خۆی وە قسەشی نەرم و لەسەرخۆ و هێمن و ئارامە لەگەڵیان.

خولادی کوڕی عبدالرحمن دەلێ لە سعیدی کوڕی جوبەیرم ﵄ پرسی: (أَيُّ الْحَاجِّ أَفْضَلُ؟ قَالَ: «مَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ، وَكَفَّ لِسَانَهُ» )[١٠] واتە: وتم باشترین حاجی کییە؟ دەفەرمووێ: ئەو کەسەیە کە کە زمانی بپارێزێ و ئازاری

---

[٨] أخرجه: الشيخ الألباني (صحيح الترغيب) (١١٠٤) (١٠٩٤).

[٩] أخرجه: أبن ابي الدنيا (الصمت) (٣١٦)، الخرائطي (مكارم الاخلاق) (١٤٨)، الدينوري (مجالسة جواهر العلم) (١٤٩٥)، البيهقي (شعب الايمان) (٨٠٥٩)، المناوي (فيض القدير) (٣٢٣١) وفي رواية: الحج المبرور: (اطعام الطعام و حسن الصحابة) أخرجه: الفاكهى (أخبار مكه) (٨٨٠).

[١٠] أخرجه: عبدالرزاق (المصنف) (٨٨١٦)، زغلول (موسوعة اطراف الحديث) (١٤٣١٥٦).

هیچ برا حاجیەکی خۆی نەدا بە زمانی، هەروەها خواردن دابین بکات بۆ ئەو کەسانەی کە هەژار و دەست کورتن و هاتوون بۆ حەج .

وە ابن رجب ﵀ دەفەرمووێ: «اجتمع فیه اعمال البر واجتنب اعمال الاثم » واتە: حەجی ڕێك و پێك و تەواو ئەو حەجەیە کە سەرجەم چاکەکانی تیادا کۆببێتەوە و وە خاوەنەکەی بەدوو بێت لە هەموو چەوتی و لاری و گوناە و تاوان و هەڵەکان وە پێویستە خزمەتکار و یارمەتیدەر بێ بۆ ئەو براحاجیەکانی خۆی.

ئیمامی موجاهید ﵀ دەفەرمووێ: ئیبنو عومەر ﵁ سەفەرێکی هەبوو سوێند بە خودا هیچ ئیشم بەو سەفەرە نەبوو تەنها ئامادەبووی ئەو سەفەرە بووم لە بەر ئەوەی خزمەتی ئیبنو عومەر بکەم ﵁.

یەکێ لە پیاو صاڵحانی ئەم ئوممەتە عبداللەی کوڕی موبارەك زغلول ﵀ کە دوانزە سیفەتی تیا کۆببۆوە کەم

وێنە بوو لە ناو زانایان و پیاوچاکانی هاوزەمانی خۆیدا خەڵکی شاری (مەرو) بوو ساڵێك دەچوو بۆ حەج ساڵێك دەچوو بۆ جیهاد و تێکۆشان لە پێناو خودا لە سنوورەکاندا دژ بە دوژمنانی خودا، هەموو ئەو ساڵانەی کە بۆ حەج دەچوو یان بۆ جیهاد فەقیر و هەژار ئەوەی بیویستایە لە مەراسیمی حەج ئامادەبووبایە دەهات و دەیان وت: کەی دەڕۆی ئێمەش دێین لەگەڵدا ئەویش کۆی دەکردنەوەو دەیووت: "وەرن پارەکانتان بهینن من دەخیلەداری ئێوەم "سندوقێکی ئەهێنا پۆشاکی دەدا بەسەرا دەیوت: هەر کەسێك ئەوەی لە گیرفانیەتی ئامادەی کردووە بۆ حەج با بیهێنێ لە ژێرەوە کەس ئاگای لێ نەبێ بیخاتە ناو سندوقەکە دواتر سندوقەکەی دادەخست ودەیوت: من دەخیلەداری ئێوەم دەچین بۆ حەج و دێینەوە چیتان پێویست بوو بە من دەڵێن دەفەرمووێ: ئیتر بەڕێ دەکەوتن چەندیان پێ دەچوو دواتر کە دەگەیشتنە شاری

مەککە و مەدینە لەوێ تایبەت دەگەڕا دانە بە دانە بەسەریاندا دەیووت: تۆ خێزانەکەت داوای چی لێ کردووی لە شاری مەدینە یان لە شاری مەککە ئینجا بۆی بکڕی ، دەیفەرموو: ئەی فلانە کەس تۆ چەندێك پارەت پێویستە ئەوەتە وەرە با بتدەمێ پارەکەی ئەدایێ و حیسابەکەی خۆی ئەکرد بەم جۆرە پارەی بۆ خەرج دەکردن دەخیلەدار یان بوو تا دەگەیشتنەوە شوێنی خۆیان، کە دەڕۆیشتەوە دەیوت بوەستن لەگەڵتان دێم دانە بەدانە با ماڵەکانتان بزانم دەچووە بەردەم ماڵەکانیان گەچێکی پێ بوو دەرگای ماڵەکەیانی نیشان دەکرد بۆ ئەوەی بیان ناسێتەوە.

پاشان هەتا سێ ڕۆژ حاجیان سەرقاڵبوون بەمیوان بەڕێ کردن دوای سێ ڕۆژەکە عبداللەی کوڕی موبارەك ﵀ دەعوەتێکی باشی ئامەدە دەکرد ئینجا ئەگەڕا بە دوای ئەو ماڵانەی دەست نیشانی کردووە کە ڕەفیقی حەجی بوون بانگی دەکردن و دەهاتن، هەر هەموویان دەعوەت بوون لە

لای عبداللەی کوڕی موبارەك لە دوای گێڕانەوەی سەفەری حەج و دوعاکردن دەیوت: ئیتر من بەرپرسی دەخیلەداری ئێوەم تەواو بوو وەرن سندوقەکە لای منە و کلیلەکە بێنن با بیکەینەوە چەندی تیاماوە وەکو برا دابەشی بکەین دەفەرمووێ: سوێند بە خودا هەژاری وا هەبوو هەشت درهەمی پێ بوو بیست درهەمی وەردەگرتەوە دەیوت: سوێند بەخودا من لە هەشت درهەم زیاترم پێ نەبووە! عبداللەی کوڕی موبارەك ﷬ دەیوت: سبحان الله تۆ چۆن لات سەیرە؟ ئەی نازانی خودای گەورە بەرەکەت دەخاتە پارەی ئەو کەسەی کە بچێ بۆ حەج و ئەو کەسەی بچێ بۆ جیهاد[١١].

کەواتە جێی خۆیەتی حەج کردن هاوشێوەی پیاوچاکانی پێشین بێت چاکە کارانەبێت، هەتا خوای گەورە

---

[١١] انظر: (تأريخ دمشق) لابن عساكر (٣٥٧/٣٨) ، و (تهذيب الكمال) للمزي (٢١/١٦).

بە میهرەبانی خۆی بە حەجی تەواو لێمان وەرگرێت. چونکە پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ: ((والْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلا الْجَنَّةُ))[١٢] واتە: حەجی تەواو و چاك هیچ پاداشتێکی نییە کەمتر لە بەهەشت.

## ٥: حەجی تەواو پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونی تەواوە:

مەرجەکانی حەجی تەواو ماندوو بوون و خۆ تەرخانکردنی تەواوە بۆ ئەو پرۆسە گەورە و گرنگەی کەناوی حەجە، دایکی ئیمانداران پرسیاری لە خۆشەویستمان ﷺ کرد ئایا پاداشتی من لە ئامادەبوونی حەج و عومرە چۆنە؟ خۆشەویستمان ﷺ فەرمووی: ((عَلَى

[١٢] أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٢٦٣٩)، أحمد (٧٣٥٤ و٩٩٤١ و٩٩٤٨ و١٤٤٨٢)، البخاري (١٧٧٣)، مسلم (١٣٤٩)، الشيخ الألباني (صحيح ابن حبان) (٣٦٩٦)

قَدْرِ نَصَبِكِ أَوْ قَالَ: نَفَقَتِكِ))[١٣] **واتە: چەندە ماندوو بووی وە چەندە پارەت خەرج کردووە لە حەجدا ئەوەندە پاداشتت بۆ دەنووسرێ.**

**کەواتە هەر حاجیەك چرووکیەکەی بباتە ئەوێ و نان نەخوات و  هەتا نەخۆش ئەکەوێ، بێگومان دەبێ بە بار بەسەر برا موسڵمانەکانیەوە شتێکی چاکی نەکردووە، یاخود کەسێکی دیکە دەچێت لە ئوتێل دەخەوێ و پاڵی لێ دەداتەوە، یان دەچێ بۆ بازاڕەکان سەرقاڵی ناسینی بازاڕ و شتومەك و کاڵا جۆراو و جۆرەکانە بەهەمان شێوە ئەمەش کارێکی باشی نەکردووە.**

**بیر لە خۆت بکەرەوە ئایا تۆ بۆ بازاڕ چووی ئایا وڵات و شاری خۆت پڕ نەبووە لە بازاڕ  بگرە هەندێك جار ئایا نرخەکەی لای خۆت نزمتر نییە لەو نرخەو کە لەوێ**

---

[١٣] أخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٣٠١٥)، أحمد (٢٤١٥٩)، البخاري (١٧٨٧)، مسلم (١٢١١)، الشيخ الألباني (صحيح ابن خزيمة) (٣٠٢٧).

**دەیهێنی ، خۆتی پێوە سەرقاڵ دەکەی واجباتی حەج و عومرە و ئەجر و پاداشتە گەورەکانی خۆتی پێ لە دەست دەدەی!!**

**ئیبن عەباس** ﵄ **دەفەرمووێ:** (مَا آسَى عَلَى شَيْءٍ فَاتَنِي مِنَ الدُّنْيَا إِلَّا أَنِّي لَمْ أَحُجَّ مَاشِيًا حَتَّى أَدْرَكَنِي الْكِبَرَ، أَسْمَعُ اللَّهُ تَعَالَى يَقُولُ: ﴿ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ﴾ **(الحج: ٢٧)" )**[١٤] **واتە: سوێند بە خودا لەم پیرییەمدا خەفەت ناخۆم لە سەر هیچ شتێك لە دونیا كە لە دەستم چووبێ تەنها خەفەت لە یەك شت دەخۆم ئەوەیە كە من لە گەنجێتیدا بۆچی بەپێ نەچووم بۆ حەج بە سواری ولاغ چووم .**

**چونکە خودای گەورە ئەفەرمووی:** ( يَأْتُوكَ ) یەکەم جار (رِجَالًا ) ئینجا (وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ )

[١٤] انظر: (اخبار مكة) للفاكهي (٨٤٠)، (شعب الايمان) (٣٦٩٤)،و (السنن الكبرى) للبيهقي (٨٦٤٤).

کەسانێك بە پێیەکانیان دێن بەرەو ماڵەکەی من دواتر سەر پشتی وڵاخەوە کەسانێکی تر دێن.

هەروەها دەفەرمووێ: سوێند بە خودا لە گەڵ خۆما ئاگام لێ بوو کە حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی ﷻ: بیست و پێنج جار حەجی کرد لە شاری مەدینەوە بۆ مەککە بە پێ سوێند بە خودا خاوەنی باشترین حوشتر و باشترین ئەسپ بوو سواری پشتی هیچیان نەبوو لەم سەر و لەو سەر، چونکە وتی: خودا داوای کردووە من بە پێ بچم بۆ ماڵەکەی[١٥].

کەواتە ئەو موسڵمانە بەڕێزەی دەچێ بۆ حەج و عومرە پێویستە خۆی ئامادەکا بۆ نارەحەتی سەفەر، دەبێ لە ئێستاوە خۆت ئامادەکەی بۆ نارەحەتی. ڕۆحت ماندووە جەستەت ماندووە پارەکانی گیرفانیشت دەکەوێتە

---

[١٥] انظر: (شعب الإيمان) للبيهقي (٣٦٩٠) وقال محققه: إسناده حسن.

**ماندووبوون کەواتە لە ئێستاوە خۆتی بۆ ماندووکە، بۆیە تەلحە (ئیبن موسەرەف**رحمه الله**) دەفەرموێ :** (عَنْ طَلْحَةَ يَعْنِي ابْنَ مُصَرِّفٍ، قَالَ: " مِنْ أَخْلَاقِ الصَّالِحِينَ أَنْ يَحُجُّوا بِأَهْلِيهِمْ وَأَوْلَادِهِمْ ")[١٦] **یەکێ لە نەریتی پیاوچاکان ئەوەیە کە ژنانیان و منداڵانیان ببەن لەگەڵ خۆیان بۆ حەج و عومرە ئەو ئەرکە لە بەر خودای گەورە بکێشن.**

**ئیمامی عومەر** رضي الله عنه **دەفەرموێت:** (حجذوا هذه النساء)[١٧] **واتە: (ئافرەتەکانتان ببەن بۆ حەج لەگەڵ خۆتاندا).**

---

[١٦] انظر: (شعب الايمان) للبيهقى (٣٨٣٦)

[١٧] انظر: (المصنف) ابن أبي شيبة (١٣٧٠٤) وفي رواية (١٣٧٠٥) عن مكحول رحمة الله قال (عليكم احجاج نسائكم).

## ٦: حەجی تەواو پێویستی بە شکۆمەندی بەرز راگرتنی ئەو جێگە پیرۆزانەیە:

حەجی تەواو و قبووڵ کراو بۆ ئەو کەسەیە کە پیرۆزی و شکۆمەندی ئەو شوێنە پیرۆزەکانی نەشکاندبێ چونکە ئەو شوێنانە پیرۆزترین شوێنە لە سەر زەوی لای خودای گەورە تبارك و تعالی ، خودای گەورە لەو شوێنەدا داوای کردووە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّ ﴾ (البقرە: ١٩٧) واتە: موناقەشەو مشتومڕ لەحەجدا نیە.

هەموو جۆرە دەمەقاڵە و شەڕە قسە و دەنگ بەرزکردنەوە لە برای خۆت قەدەغەیە چونکە تۆ لە حەرەمی خودای تبارك و تعالی ، ئەو ئیلحادەی کە خودای گەورە حەرامی کردووە لە مەککەدا بکرێ ماناکەی: لادان و ئەنجام دانی کاری چەوتە.

ئیبن حەجەر لە ئیبن عومەرەوە دەیگێڕێتەوە رضي الله عنهما دەفەرمووێ: دەزانی ئەو خراپەکاریەی شاری مەککە کە

**خودای گەورە باسی کردووە مەبەستی پێی چییە؟ وتیان: چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە بڵێی (کلاوالله بلی والله) واتە: ئەرێ والله بەزاتی خودا ناوالله**[18] **...هتد .**

**تۆ ئەزانی ئەڵێی چی؟ تۆ ئەزانی لە کوێی؟ تۆ هەڵبژێردراوی ئەو خەڵکەی بۆ لای خودای گەورە تبارك و تعالی لە بەر ئەوە باش ئاگات لە خۆت بێ چی ئەکەی لە مەسەلەی موناقەشە هەتا موناقەشە لە سیعریشدا زانایان دەفەرموون: جائیز نییە، ئەگەر بەدڵتە بیکڕە ئەگەر بە دڵت نییە پێویست ناکا دەنگ بە سەر دوکاندارەکە بەرز بکەیتەوە چونکە ئەوە حەرەمی خودایە.**

**بۆیە لە جابیری کوڕی عبدالله ﵁ ئەگێڕنەوە کة** (كان لايماكس في الرقية و الاضحية و الكري إلى مكة)[19] **جابیری کوڕی عبدالله ﵁ موناقەشەی نەدەکرد لە سێ شتا**

---

[18] انظر: (المطالب العالية) لابن حجر العسقلاني (٣٦٨٤) وقال: اسناده صحيح.

[19] انظر: اتحاف الخيرة) للبوصري (٣٢١٠).

**یەکێکیان: لە کڕینی حەیوان بۆ قوربانی ، هەروەها موناقەشەی نرخی نەدەکرد و معامەلەی نەدەکرد، هەروەها لەگەڵ وڵاغداردا گفتوگۆ و چەندوچوونی نەدەکرد کە سواری پشتی وڵاغەکە دەبوو بۆ ئەوەی بیانەگەیەنێتە شاری مەککە بڵێ: کەمتر دە خاترمان بگرە دە تۆزێك کەمتر ، دەیووت: ئەمە بۆ خودایە ، وە هەروەها لە ڕوقیە ئەگەر یەکێك ڕوقیەیەکی بخوێندایە چی داوا کردبایە دەیدایێ وە موناقەشەی لە گەڵ نەدەکرد.**

**ئەو شوێنە شکۆمەندە پیرۆزە چەند تیایدا کاری خێر و چاکە گەورەیە، ئەبێ وریابیت خراپەش وەکو ئەوە. ئیبن مەسعود و ئیبن عباس وئیبن و عومەر و موجاهد دەفەرموون** ﷺ: (تضاعف السيئات كالحسنات)[٢٠] **واتە: کاری**

[٢٠] انظر: (الاداب الشرعية) ابن مفلح (٩٩/١) وهو قول الامام أحمد بن حنبل، و (أحياء علوم الدين) للغزالي (٢٤٣/١) ، و الهيثمي (الزواجر) (٣٣٤/١)، و الصالحي (سبل الهدى) (١١٠/٣). وقال بعض العلماء (الزيادة تكون في الكمية لا في العدد).

چاکە و خراپە لەو شوێنە پیرۆزەدا چەندەها جارە دەبێت. واتا هاوتەریبن ئەگەر نوێژێ تیایدا سەد هەزار نویژبێ ، ئەی درۆ تیایدا چەند درۆیە؟ ئەی غەیبەت تیایدا چەند غەیبەتە.

هەروەها عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاص ﵄ هەر کاتێك بهاتبایە بۆ حەج نەیدەوێرا لە سنوری حەرەمی مەککە لای ئەدا بۆ نوێژ، دەچووە نزیکترین مزگەوتی ناو حەرەمەوە نوێژ تەواو بووایە دەچووەوە بۆ لای خێمە ودەوارەکەی کە لە دەرەوەی سنوری حەرەمە دەیوت: ئەوە حەرەمی خودایە ناتوانم هەموو جۆرە قسەیەکی تێدا بڵێم یان هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی تێدا ئەنجام بدەم، بۆ چاکەکان دێمە ئێرە بۆ ئیشی دی دەچمە دەرەوە.

هەر بۆیە ئیبن عەباس ﵁ کە خۆی نیشتەجێ بووی ئەو شارە پیرۆزە بوو (شاری مەککەی پیرۆز) لە کۆتایی تەمەنیا فەرمووی: (لم يبق لي الاحسنات أخشى أن تذهبها

حرمة هذه النية)[٢١] **بەو پیریەمەوە چەند چاکەیەکی کەمم ماوە دەترسێم ڕێز و شکۆ و پیرۆزی ئەم کەعبەیە هەر هەمووی بسووتێ لە بەر ئەوە بڕیاری دا شاری مەککەی بەجێهێشت و چوو لە شاری تائیف نیشتەجێ بوو هەتا وەفاتی کرد.**

**ئا لە بەر ئەمەیە کە پێغەمبەری ﷺ ئازیز دەفەرمووێ:** ((إِذَا قَضَى أَحَدُكُمْ حَجَّهُ فَلْيُعَجِّلِ الرِّحْلَةَ إِلَى أَهْلِهِ فَإِنَّهُ أَعْظَمُ لِأَجْرِهِ))[٢٢] **واتە: هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر مەراسیمی حەج و عومرەی کۆتایی پێ هێنا بە پەلە بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی چونکە ئەوە گەورەترە بۆ پاداشتی.**

---

[٢١] انظر: (شرح زاد المستنقع)محمد بن محمد بن مختار الشنقيطي (٢١١/١) وقال بعضهم بل سببه ما حصل بينه وبين ابن الزبير رضي الله عنهم جميعاً؟

[٢٢] أخرجه: الدارقطني (سنن) (٢٧٩٠)، البيهقي (السنن الكبرى) (١٠٣٦٣)، ابن حجر (اتحاف المهرة) (٢٢٣٥٤)، الشيخ الألباني (الجمع الصغير و زيادته) (٧٣٤)،و(سلسلة الاحاديث الصحيحة) وشئ من فقهها و فوائدها (١٣٧٩).

## ٧: حەجی تەواو پێویستی بە دونیا نەویستی و قیامەت دۆستی هەیە:

**بە حەسەنی بەصریان** ﵀ **وت پێغەمبەری** ﷺ **ئازیز نەیفەرمووە حەجی تەواو و چاکەکار پاداشتی بەهەشتە؟ وتی: بەڵێ بەڵام نیشانەکانی دەزانی چییە؟** (الحج المبرور أن يرجع زاهداً في الدنيا راغباً في الآخرة)[٢٣] **واتە: هەر کەسێك لە حەج هاتەوە دونیای لا کەم و نەویست بوو وە قیامەت ویست بوو ئەوە نیشانەی ئەوەیە حەجەکەی قبووڵ کراوە إن شاء الله، بۆیە نیشانەیەکی تری حەجی تەواو ئەوەیە ئەو مرۆڤە بگۆڕێ، سەری تاشی وەکو ئەو کاتەی کە لە دایك بوو پاك بۆوە کەواتە لێرەوە تا ئەتوانێ با ئەو پاکیەی خۆی ڕاگرێ ، بە تایبەت لەو تاوانانەی کە بەرامبەر برایانی خۆی ئەنجامی داوە، یەکێك لە پیاوچاکان**

---

[٢٣] انظر: (السبيل الى حج المبرور) (ج١ / ص ٧)، حتى يكون حجنا مبرورا (ج١ / ص ١٠)، رسائل الى الحجاج و المعتمرين (ج١/ص٣)

**دەفەرمووێ:** ( مئة ذنب بين العبد و ربه أهون من ذنب بينه وبين الناس) ؟ **واتە: سەد گوناهە وردەی نێوان بەندە و خودای خۆی ئاسانترە لە یەك گوناهی نێوان خۆی و برا موسڵمانەکانی .**

**هەوڵ بدە ئەو حەجەی کەوا بە دەستتت هێناوە پووچی نەکەیتەوە، ئەگەر بە چوونت بۆ لای فاڵچی نوێژی چل ڕۆژت ڕەشبکرێتەوە، ئەگەر پارەیەکی زۆری خێر و زەکاتت بە یەك منەت کردن پووچ ببێتەوە، ئەگەر ڕۆژیەکی درێژی شانزە سەعاتی هاوینت بە کۆمەڵێك تاوان پووچ نەکەیتەوە، ئایا حەجیش خۆ دەبیَ بە کردەوە گەلێکی ناپەسەند پووچ نەبێتەوە؟**

**پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێ:** ((ان سوء الخلق يفسد العمل كما يفسد الخل العسل))[٢٤] **واتە: ڕەوشتی چەوت و ناشیرینی کردەوە چاکەکانت بۆگەن دەکا و لە دەستی دەدەی ، وەك چۆن سرکە بکرێتە هانگوینەوە خراپی دەکات.**

**بەچی لە دەستی دەدەی؟ بە ڕەوشت چەوتی و ناشیرین لە گەڵ برایانی موسڵمانی خۆت ، پێغەمبەری خودا ﷺ جیهاد و حەجی بە یەکەوە ناو بردوەو لە فەرموودەیەکدا بەمجۆرە هاتووە:** ((عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، نَرَى الجِهَادَ أَفْضَلَ

[٢٤] جامع الأحاديث (١٣١٦١)، كنز العمال (٧٣٤٧)،فيض القدير (٤٧٢٢ و ٤٨٥٢)،تخريج احاديث احياء علوم الدين (٢٤٢٨)، المسند الجامع (٨٠٥٠)، مسند عبد بن حميد (٧٩٩)، (الصحيحة) (٩٠٦)، ( صحيح الجامع) (١٧٥)، و (ترابعات) (١٩).

الْعَمَلِ، أَفَلاَ نُجَاهِدُ؟ قَالَ: «لاَ، لَكِنَّ أَفْضَلَ الجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ))[٢٥] **واتە: جوانترین و چاكترین جیهاد بەڕاستی حەجێكی قبووڵ كراوە ، فەرموویەتی:** (جهاد الكبیر و الصغیر و الضعیف و المرأه الحج و العمره)[٢٦] **واتە: جیهادی بەساڵاچوو و كەم تەمەن و بێ توانا و ئافرەت (الحج و العمره) لە یەكێك لە غەزاكانا پێغەمبەری خودا ﷺ جارچیەكی نارد تا ئەو جارە بدا بەناو موسڵماناندا و فەرمووی:** ((مَنْ ضَيَّقَ مَنْزِلًا أَوْ قَطَعَ طَرِيقًا فَلَا جِهَادَ لَهُ))[٢٧] **واتە: ئاگاداربن هەر كەسێك جێی دانیشتنێك لە موسڵمان تەسك بكا و**

---

[٢٥] اخرجه: البخاري (١٥٢٠ و٢٧٨٤)، مسند ابي يعلى الموصلي (٤٧١٧)،(السنن الكبرى) للبيهقي (١٧٨٠٥)،(شرح السنة) للبغوي (١٨٤٨)،(نيل الآوطار) للشوكاني (٣٣٠٣)،(صحيح الترغيب و الترهيب) للشيخ الألباني (١٠٩٩).

[٢٦] أخرجه: شيخ الالبانى في (صحيح النسائي) (٢٦٢٦).

[٢٧] اخرجه: احمد (المسند) (١٥٦٤٨)، أبي داود (السنن) (٢٦٢٩)، ابي يعلى الموصلي (المسند) (١٤٨٣)،(المعجم الكبير) للطبراني (٤٣٤ و٤٣٥)، (السنن الكبرى) للبيهقي (١٨٤٥٨)، ابن الأثير (جامع الاصول) (٣٠٠٥)، الشيخ الألباني في (صحيح ابى داود) (٢٣٦٤) ، و(صحيح الجامع) (٦٣٧٣) ، و(المشكاة) (٣٩٣٠).

**ناڕەحەتیان بکات، وەهەر کەسێك لەڕێگەیەکی موسڵماناندا دابنیشێ و هۆکاری گرتنی ئەو ڕێگایە بێت، ،وەهەرکەسێك ئازاری موسوڵمانێك بدات پاداشتی جیهادی دەست ناکەوێت و هەمووی پووچ دەبێتەوە. کەواتە لە حەجیشدا بەو جۆرەیە ، ئەی ئەگەر وا بکا لە حەجدا؟**

**هەروەها دەفەرمووێ:** ((مَنْ غَزا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللهِ تَعَالَى وأَطَاعَ الإِمَامَ وَأَنْفَقَ الْكَرِيمَةَ وَيَاسَرَ الشَّرِيكَ وَاجْتَنَبَ الْفَسَادَ فِي الأَرْضِ فَإِنَّ نَوْمَهُ وَنَبْهَهُ أَجْرٌ كُلُّهُ وَأَمَّا مَنْ غَزَا فَخْراً وَرِيَاءً وَسُمْعَةً وَعَصَى الإِمَامَ وَأَفْسَدَ فِي الأَرْضِ فَإِنَّهُ لَنْ يَرْجِعَ بِالْكَفَافِ))[٢٨] **واتە: هەر کەسێك بچێ بۆ غەزا یان بچێ بۆ حەج لە بەر خودای گەورە بڕوا وە گوێڕایەڵ بێ بۆ بەرپرس و سەرقافلە کەی و ئەوەی کە لە گەڵیایەتی، پاشان پارەی**

---

[٢٨] أخرجه: علاء الدين (كنز العمال) (١٠٦٠٥)، (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح) (٣٨٤٦)، (موسوعة اطراف الحديث) زغلول (٩٤٩٨٨٦)، الألباني (صحيح الترغيب) (١٣٣٣)، (الجامع الصغير و زيادته) (٧٦٢٣).

حەڵاڵیش بخاتە گەڕ بۆ ئەم مەڕاسیمە، هەروەها دڵنەوایی هاوڕێیانی حاجی خۆی بکا بەتایبەت ئەوانەی دەست کورتن و هەژارن، کێشە و ئاژاوە نەنێتەوە لە رۆیشتن و هاتنەوەیدا بۆ حەجکردن و جیهادە....پاداشتەکەی ، ئەوەیە کەهەموو شەو و رۆژەکان بۆ دەبێتە ئەجر و پاداشت تەنانەت خەوتن و هەموو کارەکانی تریشی.

ئەی کەسێك بە پێچەوانەوە ئەگەر لە بەر خودا نەڕوات یاخود سەرپێچی سەرقافڵە و پێشەوای خۆی بکات، یان پارەی حەڵاڵ نەبا بۆ ئەم سەفەرە، یان بە دەم برا هەژارەحاجیەکانی هاو سەفەریەوە نەبێت و خۆی بە دوور نەگرێ لە ئاژاوە و کێشەنانەوە ....!؟ دڵنیابێ ئەوە هیچ پاداشتی دەست ناکەوێت و بە سەلامەتی نایەتەوەو هەرچی تاوانی هەیە لە سەری هەژمارە بێت.

کەواتە ئەی برای حاجی گەر چوویتەوە ئەوێ وریا بە کێشە و ئاژاوە نانەوە لەسەر هیچ شتێك دروست مەکە، لەسەر پاس و لە سەر ئوتێل.... هتد.

ڕێگە بە موسڵمانان مەگرەو لەڕێرەوەکان دامەنیشەو بە ئارەزووی خۆت، نوێژ لەهەموو سەرە ڕێگەیەکدامەکە و ڕێی موسڵمانان مەگرە، پارەی حەڵاڵ بەرە بۆ ئەم سەفەرە، ڕەوشتت بەرز بێ لەگەڵ برایانی خۆتا، لەقەسەی بەرپرسەکانی خۆت  کە لەوێ لە گەڵتان دەرمەچۆ (مەگەر پێچەوانەی شەرع بێت) چونکە ئەوانە بۆ خزمەتی تۆ هاتوون وە لە سەرووی هەمووشیانەوە نییەتت پاك بکەرەوە بۆچی چووی بۆ ئەوێ .

## دووەم: ئەوانەی حەجیان بە نسیب نەبووە چۆن لەو پاداشتە گەورەیە بێبەش نەبن ؟

ئەگەرچی فەریزەی حەج هەموو باوەڕدارێکی راستەقینە لەسەریەتی جێبەجێی بکات ئەگەر تواناى هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا هەموو موسڵمانێك دەتوانێت لە پاداشت و ئەجری ئەو عیبادەتە گەورەیە بێبەش نەبێت ئەگەر هاتوو حەجی لە دەست چوو یاخود بە نسیب نەبوو یاخود عوزری شەرعی هەبوو ....هتد، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو فەریزەی حەججە و بێبەش نەبوونی لەو ئەجر و پاداشتە گەورەیە بەگرتنەبەری ئەم خالاَنەی خوارەوە دەبێت:

### ١- نیەت پاکی بۆ خودای گەورە:

ئەگەر نیەتی چوون بۆ حەج هەبێت (إن شاء الله) و راستگۆ بێت لەگەڵ ئەو نیەتەیدا، خودای گەورە لە سەر ئەو نییەتەی پاداشتی گەورەی دەداتەوە، پێغەمبەری خودا

ﷺ دەربارەی ئەو جۆرە نیەتە دەفەرمووێ: ((مَنْ أَتَى فِرَاشَهُ، وَهُوَ يَنْوِي أَنْ يَقُومَ فَيُصَلِّيَ مِنَ اللَّيْلِ، فَغَلَبَتْهُ عَيْنُهُ حَتَّى يُصْبِحَ، كُتِبَ لَهُ مَا نَوَى، وَكَانَ نَوْمُهُ صَدَقَةً عَلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ))[٢٩]
**واتە: هەر کەسێك چووە سەر جێگا بۆ خەوتن و پێش ئەوەی بخەوێ نیەت بێنێ لە دڵی خۆیدا بڵێ ئەم شەو هەڵدەستم بۆ شەو نوێژ، ئەو کات خەبەری نەبوەوە تا نوێژی بەیانی، خودای گەورە بەو نییەتەی کە هەیبوو شەونوێژەی بۆ دەنووسێ و خەوتنەکەشی دەبێتە خێر و چاکە.**

**کەواتە ئەو کەسەی کە حەجی نەکردووە لە ئێستاوە نییەت بخاتە دڵیەوە کە لەبەر خودای گەورە بچێ ئەو فەریزەیە جێبەجێ بکات، پشتیوان بەخوای گەورە وەك**

---

[٢٩] انظر: سنن ابن ماجة (١٣٤٤)، (سنن الكبرى) للنسائي (١٤٦٣)، (صحيح ابن خزيمة) لابن خزيمة (١١٧٢) ، (السنن الكبرى) للبيهقي (٤٧٢٤)،(جامع الأصول) لابن الاثير (٤١٨٦)، الشيخ الألباني في و (صحيح الترغيب و الترهيب) (٢١ و٦٠١)

**ئەوە وایە حەجەکەی کردبێ، بەڵام بەو مەرجەی ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ئەو نیەتەی کە لە دڵیایەتی.**

## ٢- لەدڵەوە غەمگین بێت بە نەچوونی بۆ ئەو فەریزە گەورەیە:

**یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی کە وادەکات پاداشتی چوونمان بۆ حەج کردن دەست کەوێت ئەگەرچی نەرۆیشتوین و لە وڵاتی خۆمانین، بریتیە لە غەمباربوون و دڵتەنگیت لە نوچوونت بۆ فەریزەی حەج جا بە هەر هۆکارێکی شەرعی بێت.**

**پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە سەفەرە پڕ گەرما و ناڕەحەتیەکەی تەبووکا کە پەنجا ڕۆژیان پێ چوو لە گەڕانەوەیە فەرمووی:** ((لَمَّا رَجَعَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ غَزْوَةِ تَبُوكَ فَدَنَا مِنَ الْمَدِينَةِ قَالَ: «إِنَّ بِالْمَدِينَةِ لَقَوْمًا مَا سِرْتُمْ مَسِيرًا، وَلَا قَطَعْتُمْ وَادِيًا، إِلَّا كَانُوا مَعَكُمْ فِيهِ» قَالُوا: يَا

رَسُولَ اللَّهِ، وَهُمْ بِالْمَدِينَةِ؟ قَالَ: «وَهُمْ بِالْمَدِينَةِ حَبَسَهُمُ الْعُذْرُ)[٣٠]

**فەرمووی: ئێوە لەو سەفەرەتانا چەندە ماندوو بوون و چەندە ڕێگەتان بڕی بێ و چەندە پارەتان بە خەرج كردن دابێ بۆ خودا...هتد برایانێكتان هەن لە ناو شاری مەدینە بە وێنەی ئێوە پاداشتیان وەرگرتووە. وتیان: چۆن خۆ ئەوان لە مەدینەن؟**

**پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: لەبەر ئەوەی ئەوانە كەم دەست و هەژار و كەم ئەندام بوون و عوزریان هەبوو، بەڵام دیارە زۆر زۆر خەفەتبار بوون و غەمبار و چاو پڕ فرمێسك بوون لەوەی كە توانایان نەبووەو پارەیان نەبووە بۆ ئەم غەزایە بەشدار بن .**

[٣٠] أخرجه: احمد (المسند) (١٢٠٠٩ و١٢٦٢٩ و١٢٨٧٤ و١٣٢٣٧)، البخاري (٤٤٢٣)،(سنن ابن ماجة) لابن ماجة (٢٧٦٤)، (سنن ابي داود) (٢٥٠٨)، مسند البزار (٧٢٩٧)،(مستخرج ابي عوانة) (٧٤٥٥)، الألباني (صحيح ابن حبان) (٤٧٣١)

**کەواتە ئەو کەسەشی کەوا غەمبار بێ لە سەر ئامادەنەبوونی مەراسیمی حەج بە هیوایەی** (إن شاء الله) **خودای گەورەش بەهەمان پاداشتی شاد بکات.**

## ٣- سەردانی مزگەوت بە مەبەستی زانست و زانیاری:

**یەکێکی دیکە لەو ڕێگایانەی کە وادەکات پاداشتی چوونمان بۆ حەج کردن دەست بکەوێت لەنزیك ماڵ و گەرەکانی خۆماندا بریتیە لە چوون بۆ مزگەوت بە مەبەستی فێربوون و بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی، پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرموێت:** ((مَنْ غَدَا إِلَى الْمَسْجِدِ لَا يُرِيدُ إِلَّا أَنْ يَتَعَلَّمَ خَيْرًا أَوْ يَعْلَمَهُ، كَانَ لَهُ كَأَجْرِ حَاجٍّ تَامًّا حِجَّتُهُ))[٣١] **واتە: هەر کەسێك بەڕێ کەوێ بۆ یەکێك لە ماڵەکانی خودا تەنها بۆ مەبەستی خێر و فێربوونی**

---

[٣١] انظر: (المعجم الكبير) للطبراني (٧٤٧٣)،(مجمع الزوائد ومنبع الفوائد) للهيثمي (٥٠٠)، (جامع الأحاديث) للسيوطي (٢٢٩٩٧)،(صحيح الترغيب و الترهيب) للألباني (٨٦)

عیلمێکی شەرعی یاخود عیلمێکی شەرعی فێری خەڵکان بکا بۆ هەردوو لایان پاداشتی حەجێکی تەواو دەنووسرێ.

٤- سەردانی مزگەوت بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژکردن تیایدا:

یەکێکی دیکە لەو رێگایانەی کە وادەکات پاداشتی چوونمان بۆ حەجج کردن دەست کەوێت ئەگەرچی نەرۆیشتوین و لەولاتی خۆمانین، بریتیە لە چوونمان بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ یاخود ئەنجامدانی نوێژی سونەتی چێشتەنگاو، لەو بارەیەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ: ((مَنْ مَشَى إِلَى صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ وَهُوَ مُتَطَهِّرٌ كَانَ لَهُ كَأَجْرِ الْحَاجِّ الْمُحْرِمِ، وَمَنْ مَشَى إِلَى سُبْحَةِ الضُّحَى كَانَ لَهُ كَأَجْرِ الْمُعْتَمِرِ))[٣٢] واتە: هەر کەسێك بەڕێ کەوێ بۆ ئەنجام دانی نوێژێکی فەرز لە مزگەوتەکەی

---

[٣٢] أخرجه: احمد (٢٢٣٠٤ و ٢٢٣٥٨)، الألباني (صحيح الترغيب) (٣٢٠)، (صحيح الجامع) (٦٢٢٧)، (صحيح ابی داود) (٥٥٨).

**نزیکی خۆیان پاداشتی هاوشێوەی ئەو حاجیەیە کە لەپۆشاکی ئیحرامدایە ، ئەگەر بەڕێ کەوت بۆ مزگەوت بۆ ئەنجام دانی نوێژی چێشتەنگاو پاداشتی وەکو پاداشتی عومرەکارێك وایە.**

## ٥- ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ و نەڕۆیشتن هەتا خۆر هەڵدێ:

**ڕێگایەکی دیکە کە وادەکات پاداشتی چوونمان بۆ حەجج کردن دەست بکەوێت، بریتیە لە چوون بۆ مزگەوت بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بەکۆمەڵ، پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ:** ((مَنْ صَلَّى الْفَجْرَ فِي جَمَاعَةٍ، ثُمَّ قَعَدَ يَذْكُرُ اللَّهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ، كَانَتْ لَهُ كَأَجْرِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ))[٣٣] **واتە: هەر کەسێك نوێژی**

---

[٣٣] انظر: (شرح السنة) للبغوي (٧١٠)،(مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح) (٩٧١)،(جامع الأصول) للسيوطي (٧٠٦١)، (تحفة الأشراف بمعرفة الأطراف) لجمال الدين (١٦٤٤)،(كنز

بەیانی بکا بە کۆمەڵ و دانیشێ و یادی خودا بکا هەتا ڕۆژ هەڵدێ پاشان دوو ڕکعات سوونەت بکا، ئەوا پاداشتی حەجێك و عومرەیکی تەواو تەواو تەواوی هەیە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم پاداشتانە راستە پاداشتی بەجێگەیاندنی حەج یاخود عومرەن، بەڵام دەبێت بزانین کە نابێتە هۆی لاچوونی فریزەی حەج لەسەرمان.

## ٦- بەدەنگەوە چوون و راپەڕاندنی کاری موسڵمانان:

بەدەنگەوە چوونی برا موسڵمانەکانمان بۆ راپەڕاندن و کار ئاسانی کردنی کارەکانیان یەکێکی دیکەیە لەو ڕێگایانەی کە پشت بەخودای گەورە دەببێتە هۆی بەدەستهێنانی پاداشتی فەریزەی حەج، چونکە بەدەنگەوە رۆیشتن بۆ کاری موسڵمان خێر و پاداشتی گەورەی لەدوایە و پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ: ((ولأَنْ أَمْشِيَ مَعَ أَخِي

---

العمال) للمتقي الهندي (٢٠٢٧٦ و٢١٥٠٨)،(روضة المحدثين) (٤٦١٧)، (المشكاه) (٩٧١)، (صحيح الترغيب) (٤٦٤) ، (الصحيحة) للشيخ الألباني (٣٤٠٣)

المُسْلِمِ فِي حاجَةٍ أحَبُّ إلي من أن أعتكف في هذا المَسْجِدِ شَهْراً))[٣٤] **واتە: ئەگەر لەگەڵ برایەکی موسڵمانمدا بەپێ بەڕێکەوم بۆ ئەوەی کارێکی بۆ ئەنجام بدەم ئەمەم لا خۆشەویسترە لە مانەوەی یەك مانگ عیبادەت (ئیعتکاف) واتە: شەوەکانی هەمووی شەونوێژ بکەم ڕۆژەکانی هەمووی بەڕۆژوو بم لە مزگەوتەکەی خۆمدا.**

**سەرنج بدە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێ لەگەڵ برایەکی موسڵمانمدا نەیفەرموو برایەکی موخلیص و موتتەقی و صالّح و باش....هتد، هەر لەبەر ئەمەیە حەسەنی بەصری ﵀ قسەیەکمان بەبیر دێنێتەوە دەفەرمووێ:** "مَشْيَكَ فِي حَاجَةِ أَخِيكَ خَيْرٌ لَكَ مِنْ حَجَّةٍ بَعْدَ

[٣٤] انظر: (معجم الكبير) للطبراني (١٣٦٤٦)، (الجامع الصغير و زيادته) (١٧٦)، (كنز العمال) للمتقي الهندي (٤٣٥٨٢)، (موسوعة اطراف الحديث) (٤٧٥٠ و ٢٩٠٠٥٨)، (موسوعة التخريج) (٢٢٩٢٣)،(الصحيحة) (٩٠٥)، (صحيح الترغيب) (٢٦٣٢).

حَجَّةٍ"[٣٥] **واته: هەنگاو هەڵهێنانەوه و چوونت لەگەڵ برایەکی موسڵماندا بۆ ئەوەی کە کار ئاسانیەکی بۆ بکەی کارێکی بۆ ئەنجام بدەی باشترە بۆت لە حەجی سوونەت لە دوای سوونەت .**

**معاذ بن الحکم لە الحسن البصری دەگێڕێتەوه کەفەرموویەتی:** "اذا قفلوا فالتقوهم وصافحوهم قبل أن یخالطوا الذنوب فان البرکة في ایدیهم " **واته: حاجیان کە گەڕانەوه بڕۆن بە پێشوازیانەوه بڕۆن سەلامیان لێ بکەن تەوقەیان لەگەڵدا بکەن چونکە دەستیان هێشتا پاکە لە گوناح و تاوان هەموویان بە پاکی هاتوونەوه لە لای خودای گەورە تبارك و تعالی.**

---

[٣٥] انظر: (قضاء الحوائج) لأبن ابي الدنيا (١٠٣)، (فیض القدیر) للمناوي (٨٩٦١)،(اتحاف السادة المتقین) لمحمد بن محمد الحسیني الزبیدي (ج٦ / ص ٢٩١)، (دلیل الفالحین لطرق ریاض الصالحین) لمحمد بن علان الصدیقي (ج٣/ ص ٣٨) .

## ٧- بە دەستهێنانی (بدل حج) یاخود ئەنجامدانی عومرە لە مانگی رەمەزاندا:

یەکێکی دیکە لەو رێگایانەی کە وادەکات پاداشتی چوونمان بۆ حەجج کردن دەست کەوێت دەتوانێ حەجی لەجیاتی بۆ بکات، ئەگەر هەر نەیتوانی بەدەل حەج و پارەی نەبوو ئەتوانێ خۆی بچێ بۆ عومرە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، لەو بارەیەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ: ((عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حِجَّةً))[٣٦] ئەنجام دانی عومرەیەك لە مانگی ڕەمەزان دا وەکو یەك حەج وایە لە گەڵ خۆمدا(واتا لەگەڵ ئازیزماندا ﷺ).

ئەی ئەگەر نەیتوانی لە ڕەمەزاندا ، ئەوا لەهەر کاتێکی تردا بدات عومرە ئەو پاداشتەی دەسدەکەوێت،

[٣٦] اخرجه: ابن ابي شيبة (المصنف) (١٣٠٢٨)، احمد (٢٨٠٨ و١٤٧٩٥ و١٤٨٨٢ و١٥٢٧٠ و١٧٥٩٩ و١٧٦٠١ و١٧٦٦١ و٢٧٢٩١)، الدارمي (السنن) (١٩٠٢)، الترمذي (السنن) (٩٣٩)، ،(السنن الكبرى) للبيهقي (٨٧٤٤)، (صحيح ابن حبان) (٣٧٠٠) (صحيح الترغيب) للشيخ الألباني (١١١٨).

**خۆشەویست فەرموویەتی: ((الْعُمْرَةُ الْحَجِّ الْأَصْغَر معي))[٣٧] واتە: عومرە حەجی گچکەیە لەگەل مندا. و بۆی دەخرێتە بری حەجکردن لە قیامەتدا.**

**داواکارم لە خوای گەورە زیاتر ئاشنا و حاڵیمان بکات لە ئاینەکەی خۆی وە زانیاریەکانمان زیاد بکات وە بیکاتە مایەی سود لێ وەر گرتنمان ـ امین ـ**

ربنا تقبل منا انك أنت السميع العليم
واخر دعوانا إن الحمد لله رب العالمين
والصلاه و السلام على نبينا محمد
وعلى اله و صحبهِ و سلم تسليما

[٣٧] انظر: (المصنف) لابن أبى شيبة (١٣٦٥٩ و ١٣٦٦٧)، (سنن الدار القطنى) للدار القطني(٢٧٢٣) ، (المستدرک على الصحيحين) للحاكم (١٤٤٨)، (السنن الصغير) للبيهقى (١٤٨٥)،، (جامع الأصول) لابن الأثير الجزري (٦٤٣)، (اتحاف المهره ) لابن حجر (١٥٩٣٣ و ١٥٩٣٥)، و (الكبير) للطبراني (٨٣٣٦)،وقال الشيخ الألباني (صحيح ابن حبان) (٦٥٢٥)، و (الأرواء) (١٢٢) ، (المشكاة) (٤٦٥) صحيح لغيره.

# ناوەڕۆك

پێشەکی ........................................................ ٣
یەکەم: مەرجەکانی حەجی تەواو چین؟......................... ٧
١: حەج کردن تەنها لە پێناوی خودا دا بێت................. ٧
٢: حەج کردن بەو جۆرە بێت کە ئازیزمان ﷺ ئەنجامی داوە.................................................................٨
٣: حەجی تەواو دەبێت خاوەنەکەی خۆپارێز و لە خوا ترس بێت...........................................................١٠
٤: حەجی تەواو دەبێت چاکە کارانە بێت.....................١٢
٥: حەجی تەواو پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونی تەواوە.....١٨
٦: حەجی تەواو پێویستی بە شکۆمەندی بەرز راگرتنی ئەو جێگە پیرۆزانەیە...........................................٢٣
٧: حەجی تەواو پێویستی بە دونیا نەویستی و قیامەت دۆستی هەیە..................................................٢٨

دووەم: ئەوانەی حەجیان بە نسیب نەبووە چۆن لەو پاداشتە گەورەیە بێبەش نەبن ؟..................................٣٥
١- نیەت پاکی بۆ خودای گەورە..................................٣٥
٢- لەدڵەوە غەمگین بێت بە نەچوونی بۆ ئەو فەریزە گەورەیە.................................................................. ٣٧
٣- سەردانی مزگەوت بە مەبەستی زانست و زانیاری.......٣٩
٤- سەردانی مزگەوت بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێژکردن تیایدا....................................................... ٤٠
٥- ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ و نەڕۆیشتن هەتا خۆر هەڵدێ...................................................... ٤١
٦- بەدەنگەوە چوون و راپەڕاندنی کاری موسڵمانان...٤٢
٧- بە دەستهێنانی (بدل حج) یاخود ئەنجامدانی عومرە لە مانگی رەمەزاندا..................................................٤٥